# كاریگەری تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر ڕەوتی ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا

## (( لێكۆڵینەوەیەكە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و تەكنەلۆژیای گەیاندن))

د.ڕێزان صالح مەولود
مامۆستا/بەشی كوردی/زانكۆی كۆیە

سەنگەر نازم حسێن
م.یاریدەدەر/بەشی كوردی/زانكۆی كۆیە

**پێشەكی:**

جیهانی نوێ بەوە ناســـراوە، كە وەكو گوندێكی بچووكە لەبەردەســـتی ڕۆشـــنبیری ســـەردەم، چونكە ئینتەرنێت و جیهانگیری وایكردووە مرۆڤ دەســـتی بەســـەر زۆربەی مەعریفەكانی مرۆڤایەتی لەســـەرجەم كون و كەلەبەرەكانی جیهاندا بشكێت.

ئەدەبیش یەكێكە لەو لایەنانەی، كە وەكو ئەوانیتر بەشـــێوەیەكی بەرچاو و فراوان تێكەڵاوی ئەو جیهانبینییە ئەلیكترۆنییە بووە، كە جیهان بانگەشـــەی بەرەوپێش چوون و گەشەسەندنی بۆدەكات وەكو ئامرازێكی ئازادی دەربڕین و زانیاری، كە شـــوێنگرەوەی تەواوی زانســـتەكانی پێشـــوتربێت، تا ئەوەی ڕێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور و ڕێكخراوی جیهانی بۆ پەروەردە و زانست و كلتور یەكەم ڤیستیڤاڵی بەو بۆنەیەوە لە دوازدەی مارسی٢٠٠٨ئەنجامدا و ئـەم ڕۆژەی كردە ڕۆژی ئـازادی دەربڕین و دیموكراتییـەتی نووســـین و ڕۆشنبیری لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆكەی جیهانی(world wide web).

لەبەرگرینگی و تێكەڵاوبوونی ئەدەب بەو تەكنەلۆژیا نوێیەی، كە ســـەراپای ژیانی مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردووە، هەروەها كەمی ئاستی ڕۆشنبیری ئەلیكترۆنیی كوردی لەو ڕووەوەی، كە تاوەكو ئێستا نەتوانراوە نەک كتێبێک، بەڵكو وتار و لێكۆڵینەوەیەكی زانكۆیی لەبارەی ئەو پەیوەندییە دولایەنەی نێوان ئەدەب و تەكنەلۆژیای گەیاندن و كاریگەری نێوانیان بەگشـــتی پێشـــكەشـــی خوێنەی كورد بكرێت، بۆیە ئێمە بە باشـــمان زانی لەو بارەیەوە هەوڵ و كۆششێكی سەرەتایی ئەنجام بدەین و ناونیشانی باسەكەمان بكەین

بە(کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر ڕەوتی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)کەپێکدێت لە پێشـەکییەک و دووبەشـی سـەرەکی و لە کۆتاییشـدا بە چەند خاڵێک ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو، لەبەشـــی یەکەمدا باســـێکە پشـــتی بەســـتووە بە زانیاری تیۆری لەبارەی ئەدەبی ژمێرەیی کارلێککەر لە ڕەوتی ڕەخنەی جیهانیدا و تەواوی لایەنەکانی ناســـاندن و مێژووی ئەو ئەدەبە بۆ خوێنەر ڕوونکراوەتەوە، بەڵام لەبەشـــی دووەمدا ڕوویێکی پراکتیکی هەیە و بەشـــێوەی ڕوونکردنەوە(اســـتبیان)لە ڕێگەی فۆرمی هەڵســـەنگاندنەوە بە شـــێوەیەکی مـەیدانی ئـەو کـاریگـەرییـەمـان لـەســـەر زاری خوێنـەرەوە تۆمارکردووە.

گرینگی باسێکی لەو جۆرە لەوەدا دەردەکەوێت، کە بۆیەکەمجارە لەڕووی تیۆرییەوە ئەو جۆرە ئەدەبە دەناســـێنرێت لەناو ڕەوتی ڕەخنە و ئەدەبی کوردی هاوچەرخ لەلایەک، لەولایتر بەهەمان شـــێوە لەڕووی پراکتیکییەوە بە هەوڵێکی دەسپێشخەری دادەنرێت لەبارەی زانین و ئاشکراکردنی پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان ئەدەبی کوردی و تەکنەلۆژیای گەیاندن بە تایبەتیش تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبووک، کە کەلێنێکی گەورەی زانیاری خوێنەری کورد پڕدەکاتەوە، ســـنووری باســـەکە لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی هاوچەرخی کوردییە بە زاری کرمانی ناوەڕاست لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە تایبەتیش ئەو نووسـەر و شـاعیرانەی کە لە سـەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە کار و چالاکی ئەدەبی و ڕەخنەییان نواندووە، کە لەڕاســـتیدا ژمارەیەکی زۆر کەمن.

ئەو ڕێبازەی لێرەدا پشـــتی پێبەســـتراوە بریتییە لە میتۆدی شـــیکاری بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دیاردە وبەرهەمە ئەدەبییەکان.

وشە کلیلییەکان:(ئەدەبی ئەلیکترۆنی، ئەدەبی ژمێرەیی کارلێککەر، فەیسبووک، ئەدەبی کوردی هاوچەرخ، کاریگەری).

**بەشی یەکەم:کورتەیەک لەبارەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی:**

لە کۆتایی شـــەســـتەکانی ســـەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک شـــەپۆلی ئەدەبی و ڕەخنەیی لە ئەوروپا پەیدابوون، کە بانگەوازی مەرگی نووســـەر و ئەدەبیان

دەکرد،یاخود وا دەیانڕوانییە ئەدەب، کە یەکەیەکە لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ڕەوتی تەنەلۆژیا و زانیاری ئەلیکترۆنی خۆری تەمەنی ئاوادەبێت ئەم بیرۆکەیە سەرەتا لە فرەنسا بە تایبەت لە بەرهەمەکانی(فۆکۆ و دریدا و تۆدۆرۆڤ) سەریهەڵدا، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا بارەکە بەهەمان چەشن بووە، ئەوەتا گۆڤاری(لۆس ئەنجلۆس تایمز)لە ساڵی(١٩٨٧)ەوە ڕایگەیاندووە، کە چیتر باسی هیچ دیوانێکی شیعری ناکات و نایخاتە ڕوو، چونکە کار گەیشتۆتە ئەوەی، کە نەتوانرێ دیوانی چاک و خراپ لەیەکتری جیابکرێتەوە.(ڕەشید،٢٠٠٧، ٣٣)لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لەو باوەڕەدان کە ئیدی ئەستەمە بەهۆی بەرفراوانی تێکەڵاوی نێوان ئەدەب و تەکنەلۆژیا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی سنووری چاک و خراپی نێان بەرهەمەکان دەست نیشان بکرێت، بەڵام ئەمەش بۆچوونێکە پێویستە ڕامانی لەسەر بکەین، بە تایبەت لەبەرئەوەی ڕەوتێکیش هەن لەو سەردەمەدا داکۆکی تەواو لە بڵاوکراوەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی دەکەن و لەو باوەڕەن، کە پاشەڕۆژی ئەدەب بریتییە لە ئەدەبێکی ئەلیکترۆنی ، نەوەک ئەدەبی نووسراوی کاغەزی، هەروەها ناشێ مرۆڤ واز لەبەرهەمی ئەدەبی بهێنێت، هەرچەندی ئاستی زانیاری لایەنەکانی دیکەی مەعریفە مرۆایەتییەکانیتر بەرەو پێش چووبن، بەڵکو پێویستە ئەدەب و ڕەخنەش بەڕاددەی خۆی و پێویستی ئامراز و ڕەگەزەکانی سوود لەو تەکنەلۆژیایە وەربگرێ و خۆی بگونجێنێلەگەڵ ڕەوتی زانستی سەردەم، لەبەرئەوە ناکری گشت مەعریفەکانی دیکە سوودی لێوەرگرن و ئەدەبیش لە گۆشەگیری و تەنیاییدا بژیێت.

سەرەتا و دەرکەوتنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی سەرەتایی،یاخود پێش بەکارهێنانی ئامێرە ژمێرەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٥٣)لەو کاتەی کە(بۆریس ڤیان) ئەفسانەی(مرۆڤی ڕۆبۆتی شاعیر)ی داهێنا،کە دەستەواژەیەکە دەوەستێتە سەر ئەوەی، کە ئایا ئامێر توانای داهێنانی شیعری هەیە لەبری مرۆڤ( بوتز، ٢٠١١، ١٠٢) دواتریش لەگەڵ پەیدابوونی تۆڕەکانی گەیاندن(الشبكة التواصلية)بیرۆکەکە پتر کاری لەسەر کرا، هەروەها جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە کارەکانی(ڕۆلان بارت) بکرێت

لەەو بوارەدا، چونکە بارت پێش پەیدابوونی دەقی ئەلیکترۆنی وەسـف و پێناسـەی دەقگەلێکی کردووە، کە کەم تا زۆر تایبەتمەندییەکانیان لە دەقی ئەلیکترۆنی دەچێت.

بارت لە کتێبی(S/Z)دا وەسـفی دەقی نموونەیی(المثلی) کردووە بەوەی، کە دەقێکی بالآبووە و تێیدا چەند تۆڕێکی زۆر و کارلێککەر هەن، بێ ئەوەی کۆتاییان بێت، ئەم جۆرە دەقە وەکو ئەسـتێرەگەلێکە لە دالەکان نەوک بونیاتێکی مەدلولەکان بێت، سـەرەتای نییە، قابیلی گەڕانەوەیە و دەتوانرێ چەندانی تری تێبخرێت، ناتوانرێت بە هیچ یوکێکیان بوترێت، کە تێخراوی سـەرەکییە(عمر، ١٨٦،٢٠١١).ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ک ئەدەبی ئەلیکترۆنی شەپۆلێکە لە دوای شەپۆلە ڕەخنەییەکانی پاش بونیادگەری سەری دەرهێناوە و لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە تەواوەتی دەرکەوتووە و ناسـراوە،واتە پێشـتر بونیاتێکی تیۆری هەبووە، پێش ئەوەی پڕاکتیزە بکرێت، پاشتر بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر شاشەکان پەیدابووە، بێگومان ئەوەش بۆ داهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە.

چەمکی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە سیاقی پۆلێنکردنی کەلوپەلەکانی گواستنەوە و گەیاندندا ڕەنگ دەداتەوە، چەمکێکی دەلالیە لەڕێگەی تۆمارکردنی ئەدەب و گوێزانـەوەی بۆ وەرگر لـەسـەر هـەر خـاڵێکی ڕاسـتـەقینـەی هێڵی ڕوونکەرەوەیی(البیانی) و گەیاندن(التواصـل)دا.(brockman,2006,7 ) ئەم جۆرە ئەدەبە بەشـێوە نوێکەی بۆ یەکەمجار لەسـەر دەسـتی(ئیبسـن ئانارسـیس)لە کتێبی(افاق الادب التفاعلی)خرایە ڕوو، بۆ یەکەمجاریش لە فرەنسـا زاراوەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی یا شـیعری ئەلیکترۆنی پەیدابوو.( بوتز،٢٠١١ ، ١٠٨)لە ئەمریکاشـدا سـەرەتاکانی ئەدەبی ئەلیکترۆنی یا ئەدەبی کارلێککەر دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونـەوەی یەکەم ڕۆمانی(مایکل جویس) بەناونیشـانی(story afternoon) لەسـاڵی(١٩٨٦)دا لەبواری شـیعریشـدا قەسـیدەی ژمێرەیی ئمریکی(ڕۆبێرت کاندڵ)لە سـاڵی(١٩٩٠)نموونەی لەدایکبوونی ئەو جۆرە شیعرەیە.( نجم، ٢٠١٠، ٤٨)لەبارەی زاراوەی ئەو جۆرە ئەدەبەوە پێویسـتە ئاماژە بە زۆری ژمارەی زاراوەکان بکرێت، نەک تەنیا لە

ئەدەبی عەرەبیدا، بەڵکو لای ئەوروپییەکانیش ئەو زۆری و بۆرییە دەبینرێت، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی، کە ئەدەبی ئەلیکترۆنی تا ئێستا نەتوانراوە لەژێر سەقفی زاراوەیەکی یەکگرتوودا یەکبخرێت لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ فراوانی و بەربڵاوی جۆرەکانی تۆڕەکانی گەیاندن بێت لە جیهاندا، کە کۆنترۆڵکردنیان لەڕووی سنوری کارکردنەوە بە ئاسانی ئەنجام نادرێت.

لە فرەنسادا سەرەتا زاراوەی(literature informatique) بەکارهات، بەڵام لەساڵی(٢٠٠٦)لەژمارە(١٠)ی گۆڤاری(formule)دا زاراوەیەکی نوێ دەرکەوت بەناوی(literature numerique)واتە(ئەدەبی ژمارەیی)هەروەها ئینگلیزەکانیش هەمان زاراوە بۆ ئەدەبی ئەلیکترۆنی بەکاردەبەن بەو بیانوەی، کە ژمێرەیی ڕێگەیەکی نوێی نیشاندانی ئەدەبە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە کە بە سیستمی(١/٠)کاردەکات، هەرچی ئەمریکییەکانن ئەوا زاراوەی(hypertext)بەکاردەبەن، یاخود (دەقی پەیوەست بەیەکتر)هەندێکی دیکەش هەر لە ئەوروپا زاراوەی(interactive literature ) بەکاردەبەن کە بەواتای (ئەدەبی کارلێککەر)دێت(الخماسی: www.aswat-elchamal.com 2 ).عەرەبەکانیش کۆمەڵێ زاراوەیان بەکارهێناوە لەوانە(**تکنوادب، الادب الشبکی، الادب الرقمی، ادب النصی المترابط، النص الاعلی، النص الفائق، الادب الالکترونی**) کە هەموویان وەگێڕدراوی زاراوە فرەنسی و ئینگلیزییەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی لێکۆڵینەوە عەرەبییەکاندا(الادب الرقمی) یا(الادب التفاعلی)بەکاردەبرێت زۆرجاریش هەردوو زاراوە لێکدەدرێن و دەبێتە(الادب التفاعلی الرقمی) لە ئێستادا، کە(**سعید یقطین**) وا پێناسەی کردووە:((کۆمەڵە داهێنانێکە،ئەدەب ناسراوترینیانە، کە بەرهەمدێ لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و پێشتر بوونی نەبووە گەشەی نەکردووە لە شێوە کۆنەکانەوە، بەڵکو لەگەڵ کۆمپیوتەر سەریهەڵداوە و وێنەیەکی نوێیە لە بەرهەمهێنان و گەیاندندا.( یقطین، ٢٠٠١، ٩) ئێمە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا لەبەر ئەوەی پێشینەیەکی ئەوتۆمان نییە زاراوەی ئەدەبی(ژمێرەیی)یا(ئەدەبی کارلێککەر)پێشنیار دەکەین بەرامبەر

زاراوە ئینگلیزی و فرەنسییەکە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باس لە ئەدەبی کوردی نووسراو لەسەر کۆمپیوتەر بکەین، کە زۆربەی کات دەقی نووسراوی سەر کاغەزە و خراوەتە چوارچێوەی ئەلیکترۆنییەوە، ئەوا پێویستە زاراوەی(ئەدەبی ئەلیکترۆنی)بەکاربهێنین، چونکە ئەدەبی ژمێرەیی تەنیا چەشنێکی تایبەتی ئەدەبی دەگرێتەوە و هەموو ئەو نووسینانە ناگرێتەوە، کە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر پێشکەشکراون، بەڵکو تەنیا ئەوانەی کە پشت بە زمانی ژمێرەیی(١/٠) دەبەستن بە دەقی ژمێرەیی هەژمار دەکرێن.

(کاترین هیلس) سەبارەت بە پێناسەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە وتارێکدا بە ناونیشانی(ئەدەبی ئەلیکترۆنی چییە؟)، کە ساڵی(٢٠٠٨) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە دەڵێ:((ئەدەبی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، کە لەو کارە ئەدەبییانەی سەرچاوەکانیان ژمێرەییە پەیدا دەبێت، یا لەڕێگەی ژمێرە کەسییەکان و ئینتەرنێتەوە پەیدا دەبێت، ئەدەبی ئەلیکترۆنی نووسینی چاپکراوی کورتکردۆتەوە بۆ نوسینی ژمێرەیی)).(یخلف، ٢٠١٣ ،١٠١)سەرەکیترین ئامراز و ئامێر، کە لەو جۆرە ئەدەبەدا پشتی پێدەبەسترێت بریتییە لە کۆمپیوتەر و زمانی کۆمپیوتەر، کە لە بنەڕەتدا گەورەترین جیاوازی دەخولقێنێت لەگەڵ ئەدەبی نەریتی(تقلیدی)دا بە تایبەت لە نیشاندان و خستنەڕوویدا، چونکە ئەدەبی ژمێرەیی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت نەبێت نیشان نادرێت بەشێوەیەکی نووسراوی سەر کاغەز بەهۆی تایبەتمەندی ئەو زمانەی، کە هەیەتی، لەگەڵ ئامرازەکانیتری دەقەکە.

هەندێکیش لەو باوەڕەدان، کە ئەو جۆرە دەقە دەقێکی ئاوێنەییە لەبەرئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تێیدا ڕەنگی داوەتەوە و لە زۆربەی کاتەکاندا شیعرییەتی کارە کارلێککەرەکان جەخت دەکاتە سەر لکاندنی بەکارهێنەر بە دەقەوە، لەبەرئەوە بەکارهێنەر ڕەگەزێکی زیندووی کارەکەیە، هەروەها دەقی ژمێرەیی لەوەدا لە دەقی نەریتی بە تایبەت لە خستنەڕوو ئەداکردنیدا جیادەبێتەوە،کە ڕووداوێکە بەرهەمدێت بە کاریگەری نێوان بەکارهێنەری مرۆیی و ئامێری ژمێرەیی، هەروەها لە ڕووبەڕوو بوونەوە و

پێشـــوازیکردنی کۆمەڵی(الجماعی)بۆ کارەکانیش جیایە لە ئەدەبی نووســـراو.( عیدی، شعریە الرقمی: www.alhayat.com ).

(فاطمة البریکی) وا پێناســەی ئەدەبی ژمێرەیی دەکات:((ئەو شـێوازەیە لە نووســـینی شـــیعریدا، کە دەرناکەویَ،تەنیا لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە نەبێت، پشـــت دەبەســـتیَ بەو تەکنیکانەی کە تەکنەلۆژیای نویَ دابینی کردوون و ســـوود وەردەگریَ لە ئامرازە ئەلیکترۆنییە نوێیە هەمەجۆرەکان بۆ داهێنان، جۆراو جۆرە لە شـــێوەی نیشـــاندان و گەیاندنی بە خوێنەر، کە هەرگیز بیَ بوونی مۆنیتەر دەستی ناکەوێت و بەشـێوەیەکی ئەلیکترۆنیش هەڵسـوکەوتی لەگەڵ دەکاتو کارلێکی لەگەڵ دەکات و پێشوازی لێدەکات، دەشبێتە ڕەگەزێکی بەشـــداریکەر تێیدا)).(( البریکی، ٢٠٠٦ ،٧٧).هەروەها (لۆس گلازێر)یش لەوباوەڕەیە، کە:((ئەو جۆرە قەسـیدەیە، کە هەرگیز ناتوانریَ لەســـەر کاغەز پێشـــکەش بکرێت)).( البحرانی،٢٠٠٩ ،٢٦)هەروەها بەپێی بیروڕاکانی(د.عباس مشـــتاق معن)کە ڕابەری یەکەمی قەســـیدەی کارلێککەرە وا لەو ئەدەبە دەڕوانێت:((ئەو دەقەیە کە بەشـــێوەیەکی فراوان پشـــت بە تەکنیکەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و بەرنامەکانی کۆمپیوتەر دەبەســـتێت بۆ داڕشـــتنی پەیکەری دەقەکە لە دەرەوە و ناوەوەدا، هەروەها نیشـــان نادرێت، تەنیا لەڕێگەی ئایرە کارلێککەرەئەلیکترۆنییەکی وەکو کۆمپیوتەر و سـیدی و تۆڕی جالّجالۆکەیی ئینتەرنێت نەبێت))( عباس، ٢٠٠٩ ،٨٨).بەلای(د.یاســـر المنجی)یشـــەوە ئەدەبی ژمێرەیی، یا کارلێککەر دەقێکە، پشـــت دەبەســـتیَ بە ئامرازی ئەلیکترۆنی و فەزاکەشی فەزایەکی(زانیاری-ئینتەرنێت)ە، بۆ گەیاندنی ئەدەب و داڕشتنی بونیاتی دەقەکە.( المنجی ٢٠١٠ ،٧)بەلاّم بیروڕای(د.حسام الخطیب)لەبارەی دەقی ژمێرەییەوە جیاوازە لەوانەی پێشـوترەوە، چونکە ئەو لە سنووری ئەو زاراوەیەدا دوو جۆرەدەق جیادەکاتەوە:

١- دەقی ژمێرەیی، کە نەسـەقێکی نێگەتیڤی هەیە و ئەو دەقە داخراوانەن، کە سوودیان لە تەکنیکەکانی شۆڕش ژمێرەیی وەرنەگرتووە.

٢- جۆری دووەم ئەو دەقەیە کە نەســـەقێکی پۆزەتیی هەیە و ئەمەش دەقێکە، کە بەشـــێوەیەکی ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوەو ئەو تەکنیکانەی

بەکارهێناوە، کە شـــۆڕشـــی زانیاری و ژمێرەیی دابینی کردوون هـەر لە بەکارهێنانی دەقی فرەلق(هایپەر تێکست)و کاریگەرییە بینینی و بیستراوەکان و هونەری ئەنیمەیشـــنز و گرافیک و ئەوانی دیکە، کە شـــۆڕشـــی ژمێرەیی دابینیکردوون.( الخطیب،١٩٩٦، ٤١ ).بـەو شـــێوەیـە ئـەدەبی ژمێرەیی کارلێککەر،یا ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە بنەڕەتدا و لە گشـــت بارەکانیدا پشـــت بە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بە تایبەت کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی تایبەت بە دەنگ نووسین و نیشاندان دەبەستێ لە نیشاندان و بونیاتنانی دەقەکاندا، لەبەر ئەوە دەشێ بوترێ لەسادەترین جۆریدا تۆمارکردنی دەق و گواستنەوەیەتی بەهۆی ئـەو ئـامرازانـەوە بـە نموونـەی کۆمپیوتـەر وەک ئـامێرێکی ژمێرەیی و بڵاوکەرەوە و رێکخەری دەق.( شبلول، ٢٠٠١ ،٥).

ســـەبـارەت بـە خوێنـەرلـە ئـەدەبی ژمێرەییدا، ئـەوا دیوێکی ڕوونـاک و درەوشـــاوەی هـەیە بەو واتـایەی، کە ئەم جۆرە ئەدەبە گرینگییەکی تایبەت دەدات بە ڕۆڵی خوێنـەر و بـەداهێنـەر و بونیـاتنـەری دەقی دەزانێ بـە هـەمان ئەندازەی نووسـەر، چونکە ئەدەبی ژمێرەیی پشت دەبەستێت بەو بارودۆخە کارلێکییەی نێوان هـەر ســـێ ڕەگـەزە بنـەڕەتییەکە، کە لـەکردەی داهێنـانـدا بوونیان هەیە(نووسەر، دەق، خوێنەر)و ئەوە بە خوێنەر دەبەخشێ کە پانتایی دەق و ســنوورەکەی، تەیا بریتی نییە لە داهێنانی نووســەر ئەمەش بۆئەوەی بەشـــداری تێدابکات ولـەکاتی ڕووبەڕوو بوونـەوەی لەگەڵ بونیاتی واتایی دەقـەە، کـە هـەرگیز کۆتـایی نییـە و کـامـڵ نییـە، بـەڵکو لـەبرێکی جوڵاو و گەشـــەکردنێکی بەردەوامدایە.( علی،٢٠٠١ ،١٢). لەلایەکیتریشـــەوە خوێنەر لە دەقی کارلێککەردا ســەربەســتییەکی زیاتری هەیە لەچاو ئەدەبی نووســراودا، ئەمەیش لەبەرئەوەی لەو جۆرە دەقەدا کۆمەڵێ ئایکۆن و لاکێشـــەی زانیاری ئەلیکترۆنی هەن(وەکو لە پاشـکۆی باسـەکە نموونەی نیشـاندراوە)تایبەتن بە بونیـاتی دەقـە و هیچیـان دەروازەیـەکی نـاچارکەر(ئیجباری)نین بۆ چوونە ناو جیهانی دەقەکە، بەڵکوهەریەکێکیان دەشـێ ســەرەتای دەقەکە بێت، لەبەرئەوە خوێنـەر بـە ئـارەزووی خۆی لـە یـەکێکیـان دەچێتـە ژوورەوە و دەســـت بـە خوێندنـەوە و هـەڵهێنجـانی واتـەکە دەکات بەمەش ئەو ڕیزبەندە پۆلینکراوەی

دەقی نەریتی دەبەزێنێت، کە لە تیۆرەکانی پێشووتردا لەبارەی خوێندنەوەی دەقەوە بوونیان هەبووە، هەروەکچۆن هیچ یەکێک لەو ئایکۆنانەش کۆتایی دەقەکە نین، لەورووەشەوە خوێنەر دەتوانێت لەڕووی واتایی و بونیاتی دەقەوە جۆرە واتایەکی نوێ بە دەقەکە ببەخشێت، هەروەها لەڕووی شێوە و فۆرمیشەوە هەمان شت هەر ڕاستە، بەڵام پێویستە خوێنەر هەمان زانیری لەسەر بەکارهێنانی زمانی ژمێرەیی دەقی نووسەرەکە هەبێت، کە دەقەکەی پێ نووسراوەتەوە، لەوەشەوە خوێنەر بەشدار دەبێت بە ئەندازەی نووسەر لە داهێنانی دەقەکەدا لەڕێگەی ئەو ئازادییەی وەریگرتووە، کە لەڕاستیدا هەمان ئازادی نووسەرە.

جگە لەمانەش خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا ڕووبەڕووی هەندێ ئامرازی دیکەی بنچینەیی دەق دەبێتەوە، کە پێشتر لە دەقی نەریتیدا بوونی نەبووە، لەوانەش دەنگ و وێنە و گرافیک و هونەری ئەنیمەیشنز و تابلۆ و مۆسیقا و جوولە و نیشانە زمانییەکان لەوێشەوە ئەمانە تێکەڵ دەکات لەگەڵ ئەو بونیاتە واتاییەی زەینی خۆی و کردەکەش دەبێتە پرۆسەیەکی هەمەکی، واتە پرۆسەی خوێندنەوەی دەق، کە خوێنەر پێی هەڵدەستێت و داهێنانی تێدا ئەنجام دەدات، هاوتایە لەگەڵ پرۆسەی نووسینی دەق، کە نووسەر پێی هەڵدەستێت ، هەروەها شاردنەوەی دەق لە ئەدەبی ژمێرەییدا دەشێ بوترێ لە ڕاستیدا گرینگی دانە بە ڕۆڵی خوێنەر و ڕێزگرتنە لە هەڵوێست و بیرۆکەی خوێنەر و ئازادی دان پێی، لەو ڕووەی کە خوێنەر خۆی دەروازەی خوێندنەوە هەڵدەبژێرێت، کە ڕەنگە هەندێجار ئەو دەروازەیە لای نووسەر کۆتایی دەقەکە بووبێت، بەڵام خوێنەر لە ڕێگەی ئەو ئازادییەی کە هەیەتی کردۆتیە دەسپێکی پرۆسەی خوێندنەوە.

**گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ژمێرەیی کارلێککەر:**

١- ئەدەبی کارلێککەر دەقێکی کراوە پێشکەش دەکات، کاتێک نووسەر دەقێک لەسەر یەکێک لە ماڵپەڕەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت جێدێڵی بۆ خوێندنەوە ئەوا ئازادی تەواوکردن و دەستکاریکردنی بۆ ئەوانە جێدێڵێ، کە ئەو کارە دەکەن.

٢- ئەدەبی کارلێککەر هەڵێک دەداتە خوێنە، کە هەست بەوە بکات خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەش کراون، هەروەک چۆن هەڵی گفتوگۆیەکی زیندوو ڕاستەوخۆی لەڕێگەی ماڵپەڕەکانەوە پێدەدات، کە هەمیشە کراوەن و دەقیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە، سەرڕای جۆر و ژانرە ئەدەبییەکان.

٣- ئەدەبی کارلێککەر پشت نابەستێت یا بەوە بەسەندە ناکات، کە تەنیا نووسەر داهێنەری دەقە، بەڵکو تەواوی بەشداربووان داهێنەری دەقەکانن.

٤- سەرەتاکەی دیارینەکراوە، لە هەندێ دەقدا لەوکاتەی خوێنەر خاڵی سەرەتا دیاریدەکات بە ئارەزووی خۆی لە گۆشەنیگایەکەوە دەچێتە ناو دەقەوە، هەروەها کۆتاییەکەشی یەککگرتوونییە.

٥- لە ئەدەبی کالێککەردا وێنەی کارلێککردن هەمەجۆرە بەهۆی جۆراوجۆری ئەو وێنەیەی، کە دەقەکە پێشکەشی بەکاربەری دەکات.( البریکی، ٢٠٠٨،١٢٤-١٢٥)

٦- زیاتر لە ڕەگەزێکی بەرهەمهێنانی دەق بەشداری تێدا دەکات، وەک دەنگ و وێنە و گرافیک و مۆسیقا و تابلۆ و ئەنیمەیشن و کاریگەرییە دەنگی و بیستراوییەکان و گۆرانی...

٧- سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان بوونی نییە، بەو واتایەی دەشێ نووسەر لە دەقێکدا وێنە و نیگار و تابلۆ و چیرۆک و شیعر و وتار و ڕۆمان تێکەڵ بکات، ئەمەش لە خودی خۆیدا بریتییە لە ژانرێکی نوێی ئەدەبی.

هێلکاری سووڕی ژیانی دەقی ئەدەبیی کارلێککەر

داهێنەر

خوێنەر

دەق نێوەند

دووبارە بەرهەم هێنانەوە نێوەند

فەزای تۆڕ(فضاء الشبكی) (ابراهیم و محمد، ٢٠١١، ٢٣)

**بەشی دووەم: ئەدەبی کوردی و زەمینەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت:**

تاکی کوردی بەشـێوەیەکی فراوان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشـووی عێراقی چاوی بەڕووی جیهانی دەرەوە کرایەوە، هەرچەندە پێش ئەو ماوەیە جۆرێک لە ئازادی زیاتر لەو بەشـەی کوردسـتانی عێراق بە بەراورد بە بەشـەکانی دیکەی عیراق و پارچەکانیتری کوردستان بوونی هەبووە، بەڵام نەگەیشـتۆتە ڕاددەی ئەوەی بتوانێت ڕوو لە جیهانی تەکنەلۆژیا بکات بەو شـێوەیەی دوای سـاڵی(٢٠٠٣)هەڵبەت مەبەسـتمان تەکنەلۆژیا لای کورد زیاتر بەکارهێنە، نەک بەرهـەمهێنان، چونکە کورد و هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت زیاتر بەکاربەری ئامێرە تەکنەلۆژییەکانن، نەوەک بەرهـەمهێنەر.

هـاتنـە ناوەوەی جیهانی تەکنەلۆژیای زانیاری بەتایبەتی تۆڕی ئینتەرنێت بۆ کۆمـەڵی کوردی شـتێکی سـەیر و نامۆ بوو، بەتایبەت لەبەرئەوەی کورد هەرگیز پێشـینەیەکی ئەو تۆی لەگەڵ بەکارهێنانیدا نەبووە،بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەرەتاداپێشـوازییەکی بەرایی لێکراو پاشان وردە وردە ئەو چەشنە بەکارهێنانە زیادی کرد تا گەیشـتە ئەوەی کەسـانی نەخوێندەوار و خاوەن ڕۆشـنبیرییەکی کەمیش بە جۆرێک لە جۆرەکان لەڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە سوودی لێوەرگرن.

بە وردی لەدوای سـاڵی(٢٠٠٧)تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسـبووک و تویتەر و یوتیوب لەناو کورددا سـوودی ڕاسـتەقینەیان لێوەرگیر و وەکو پێداویسـتییەکی ڕۆشـنبیری مرۆڤی سـەردەم سـەیریان کرا، بێگومان ئەم بەکارهێنانەش کەم تا زۆر لایەنی ئەدەبیشی گرتەوە و کاریکردە سەر ڕەوتی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، بە هەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە، لەبەرئەوە

دەبینین هەندێ لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی ئەو تۆڕانەوە بیروڕا و بەرهەمەکانی خۆیان ئاراستەی خوێنەر کردووە، بەڵام پێویستە لێرەدا هەڵوەستە لەسەر خاڵێکی گرنگ بکرێت ئەویش ئەو پرسیارەیە، کە ئایا نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگری کورد بە هەمان شێوەی ئەورووپی و عەرەبەکان توانییویانە ئەدەب و ڕەخنەیەک بەرهەم بهێنن، کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆی ئەدەبی جیهانیدا بە ئەدەبی کارلێککەر،یا ژمێرەیی ناسراوە؟واتە بە واتای بنەڕەتی وشەکە توانیویانە سوود لەو زمان و تەکنیکانە وەرگرن و ئەدەب لەڕەوتی نووسراوی سەرکاغەز بگۆڕن بۆ ئەدەبێکی تەکنیکی ژمێرەیی، کە سوود لە زمانی تەکنەلۆژیا و دەنگ وئامرازەکانیتر وەردەگرێت؟لەوەڵامدا پێویستە بڵێین نەخێر، لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا ئەو جۆرە ئەدەبە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی لە ئەدەبیاتی کوردیدا سەری دەرنەهێناوە، چونکە نەشیعر و نە ڕۆمان و نەچیرۆک و ڕەخنەی کارلێککەرمان نییە و تائێستاش بڵاوکراوەی لەو شێوانەمان نییە، بەڵام دەشێ بڵێین جۆرێک لە ئەدەب دەبینرێت، کە لەبڵاوکردنەوە و نووسیندا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە کەسییەکانی تایبەت بە نووسەر و ڕەخنەگران بڵاوکراونەتەوە و توانیویانە جۆرێک لە خوێنەری ئەلیکترۆنی لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، کە پێشتر خوێنەرێکی ئەوتۆی ئەدەبی نەبوون، یا بەواتایەکی دیکە خوێنەری ئەدەبی نووسراو نەبوون، لەبەرئەوە دەشێ بەو جۆرە ئەدەبە بوترێت ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە جۆری یەکەم، کە لە نەسەقێکی نێگەتیڤدایە و سوودی لە تەکنیکە ژمێرەییەکان وەرنەگرتووە و دەکرێ بەهەمان شێوە لەسەر کاغەز نیشان بدرێت، هەروەها لەڕووی زاراوە و چەمکەوە بەهیچ شێوەیەک ناکرێ زاراوەی(interactive literature ) ی بۆ بەکارببەین، بەڵکو تەنیا دەکرێ بە ئەدەبی ئەلیکترۆنی ناوبنرێ، یا ئەدەبی نووسراوی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە خوێنەر و نووسەری کورد، تەنیا توانیویەتی سوود لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەربگرێت و شارەزایی لەبارەیەوە پەیدا بکات و ببێتە سەکۆی بەیەک گەیشتنیان.

ئێمـە لـەو توێژینـەوە مـەیدانییـەدا، کـە پێشـــتر لـەڕێگـەی فۆرمێکی هەڵسـەنگاندنەوە ڕاپرسـیمان ئەنجام داوە و لە چەند پرسـیارێکدا هەوڵمانداوە بیروبۆچوونی ئـەو کـەسـانـە وەرگرین، کـە چـالاکن و سـوود لـەو تۆڕە کۆمـەڵایـەتییە وەردەگرن، تـاوەکو بزانین تـا چ ڕاددەیـەک لـەنێو نووسـەر و بـەکاربـەرانی ئـەم بـەرهـەمـانـەدا کـارلێـک کـاری و چێژ و جۆری بـەرهـەمی خواسـت لەسـەر ڕوون بکەینەوە.ئەمە جگە لەوەی، کە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە سـیفـەتێکی دیکـەی هـەیـە لـەسـەر ئـەدەبی کوردی ئـەویش برەودانـە بـە بڵاوکردنـەوە و گـەیـاندنی ئـەدەبی کۆن و نوێی کوردی هـاوشـان لـەتـەک هـاوچـەرخـەکەدا، کە بێگومـان وەکو لـە ڕاپرسـییەکەدا دواتر دەیخەینەڕوو جەماوەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها ئەو وتەیە سـەبارەت بە ئەدەبی فۆلکلۆری و میللیش ڕاسـت دەردەچێ، چونکـە ژمـارەیـەکی دیـاریکراوی خوێنـەری بابـەتـە ئـەدەبییـەکان ئـەوانـەن، کە چێژ لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان وەردەگرن زیاتر لەوەی پابەندی ئەدەبی سـەردەم بن، لەبەرئەوە بەکارهێنانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە گڕ و تینێکی تازەی بە ئاستی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئەو بەرهەمانە داوە، کە پێشـتر لەڕێگەی ئەدەبی نووسـراوەوە پێشـکەشـی جـەماوەر کراون و لەسـنوورێکی تەسـکی ناوچەییەوە دەرنەچوون، بەڵام لێرەدا ئەو سنوورەیان بەزاندووە و ڕاددەی خوێندنەوەیان زیاتربووە.

**ئەدەبی ئەلیکترۆنی کوردی و زمانی نووسینی دەقەکان:**

سـەبارەت بەزمانی ئەو دەقانەی لەسـەر فەیسـبووک بڵاودەکرێنەوە دوو پرسـیارمان ئاراسـتە کردووە وەکو لە فۆرمەکەدا دیارە،بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی لەکۆی(٥٠٠)فۆرمدا تەنیا دە کەس لەوباوەڕەدا، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە بۆ سەر ئاستی داڕشتنی دەقەکان و دەوڵەمەندکردنی زمانی نووسـین لەڕووی وشـە و دەسـتەواژەوە، ئەوانیتر پێکرا لەوباوەڕەدان، کە نووسـینە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان سـوودێکی خراپیان وەرگرتووە لە زمان لەڕووی وشـەسـازی و سـینتاکسـەوە، هەروەها ئاسـت نووسـین و داڕشـتن لـەبری ئـەوەی لەپلەیەکی باڵای شـیعرییەت دابێت، دابەزیووە بۆ زمانێکی ئۆتۆماتیکی سـادەی ئاخاوتن، کە لە بنەڕەتدا هاوتای

زمانی کەسێکی ئاساییە لە دەرەوەی ئەدەبیاتدا. بێگومان ئەمەش لە دواڕۆژدا گەورەترین زیان بە زمانی نووسینی دەقی ئەدەبی کوردی دەگەیەنێت، چونکە بەشـــێکی گەورەی داهێنانی ئەدەبی لەڕێگەی زمانەوە خۆی دەنوێنێت، هەروەها خاڵی جیاکەرەوەی نووســـینی ئەدەبی لە نائەدەبی هەر لەڕێگەی زمانەوە دەبێت.

بە بۆچوونی ئێمە نووســـەر و ڕەخنەگرانەی کورد لەڕووی زمانی دەقەوە لەســـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، جگە لەوەی نەیانتوانیوە زمانێکی ژمێرەیی بەکارببەن، بگرە نەیانتوایوە ســوود لە زمانی ئەدەبی خۆشــیان وەربگرن، بە شـــێوەیەک، کە هەرگیز زمانێکی هونەری هاوچەرخیان بەکارنەهێناوە بە دەگمەنی نەبێت لە بەرهەمی هەندێ نووســـەردا لەلایەک، لەولایتریشـــەوە هەندێ قەڵەمی تازە دەبینرێن لەســـەر ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە، هەڵگری ناســـنامەی زمانێکن زۆر دوورکەوتۆتەوە لە زمانی ئەدەبیی کوردی لەڕووی وشە و دەستەواژەوە هەمیشە خەریکی گواستنەوەی وشـەی بیانین بۆ ناو زمانەکەمان و دەیانەوێ لەوڕێگەیەوە، کەلێنەگەورەکانی دەقەکانیان پڕبکەنەوە و خوێنەری ســادە ســەرســام بکەن بەو لایەنە زمانییەی، کە تەنیا ئاســتی وشــەیی گرتۆتەوە، جگە لەمەش پەیدابوونی گروپێکی دیکەیە لە نووســەرانی تازە پێگەیشتوو،کە زیاتر شیعرنووسن و هەوڵیانداوە زمانی شیعری لەسەر ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە مۆســـیقای دەرەکی دێڕەکان کورت بکەنەوە، بەو واتایەی کە بونیاتی زمانی شـــیعری لایان بریتییە لە جوتکردنی پیتەکانی کۆتایی نیوەدێڕەکان، ئەمەش خولیای جۆرە خوێنەرێکی کەم ئەزموونە لە ئەدەبی هاوچەرخدا، کە ژمارەیان لەســـەر تۆڕی کۆمەڵایەتی لە هەموو جۆرەکانیتری خوێنەران زیاترە، لایەنێکی دیکەی زمانی ئەو دەقانەی بڵاو دەکرێنەوە شێواندنی ئاستی سینتاکسە نەوەک بە مەبەستی داهێنان و لادانی زمانی، بەڵکو ئەو جۆرە لە ناشـــارەزایی نووســـەر لە زمانەکەی خۆیەوە ســـەرچاوەی گرتووە، کە بە بەربڵاوی هەڵســـاوە بە تێکشـــکاندنی بونیاتە سینتاکسییەکان و جۆرە چێژێکی بێزارکەری داوە بە خوێنەری ئەو دەقانەوە.

**ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی ئەلیکترۆنی:**

ئەم ناونیشــانی لە کۆتا پرســیاری فۆرمەکە خراوەتەڕوو، لەم پرســیارەشــدا بەهەمان شـــێوە لەکۆی(٥٠٠)فۆرم تەنیا(٢٥)کەس باوەڕیان بەوە هەبووە، کە نووسینی ڕەخنەیی لە ئاستێکی بەرزدایە لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ئەوانیتر تێکڕا پێچەوانەی ئەمەن و پێیانوایە، کە بەهیچ شێوەیەک ڕەخنەگرانی کورد نەیانتوانیووە ســـوود لەو ناوەندە وەرگرن لەپێناو گەیاندنی پەیامە ڕەخنەییەکانیان.

بەباوەڕی ئێمە ڕەخنەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لەو ئاســتەدا نییە، کە پێیبگوترێت باش و پەســـند، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێت، کە بە هیچ شـــێوەیەک ئەو جۆرە ڕەخنەیە بوونی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕەخنەکە ســـەری دەرهێناوە، بەڵام لە ئاســـتێکی بەراییدایە، ئەگەر ســـەیری بکەین بۆمان دەردەکەوێت چەندی لاپەڕەی تایبەتی و کەسی لەبارەی ڕەخنەی دەقە ئەدەبییەکانەوە دروستکراون و ڕۆژانە بابەتی ڕەخنەیی لەبارەی دەق و نووسەران بڵاودەکەنەوە و ئاستی داهێنانیان دەخەنەڕوو، هەروەها هەندێکیان بیروڕای خوێنەرانیش ســـەبارەت بەو دەقانە وەردەگرن بەنموونە دەکرێ ناوی لاپەڕەی(ڕەخنەی ئەدەبی)ببەین، کە یەکێکە لە چالاکترین ئەو لاپەڕانەی بەرهەمی ڕەخنەیی بڵاودەکەنەوە و بیروڕای خوێنەر وەردەگرێت، بەڵام هەمدیســـان ئەو رەخنانەش زیاتر دەچنە خانەی نووسراوەوە نەوەک دەقی رەخنەیی ئەلیکترۆنی.

ڕوویێکی دیکەی لایەنی نێگەتیڤی ڕەخنەی ئەلیکترۆنی کوردی لەوخاڵەدا دەردەکەوێت، کە هەندێجار لە هەڵســـەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبیدا کۆمەڵێک خوێنەری کوشـــندە، یا ئەوانەی بێ ئەوەی ســـەیری بابەتە کە بکەن پەنجەدادەگرن لەسەر پەسەندکردن و بەدڵبوون، یا بە پێچەوانەوە ڕازینەبوون و قبوولنەکردن، واتە ئەو خوێنەری بێ ئەوەی باکگراوندێکی ڕۆشـــنبیری و خوێندنەوەی بۆ دەقەکان هەبێت یەکســـەر بە تەنیا کلیکێک لەســـەر بابەتەکە، بەرهەمەکە هەڵدەســـەنگێنێت.بێگومان ئەمەش دیوێکی تاریک دەبەخشـــێتە ڕەخنەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی کوردی، چونکە لەلایەک ڕەخنەگری ڕشـــاســـتەقینەی بابەتەکە فریودەدات بەهۆی زۆرکردنی ژمارەی لایکەکان، لەولایتریش ەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت لەڕووی ڕەخنەییەوە بەرهەمەکە

هەلسـەنگاندنێکی ڕاسـتەقینەی بۆبکرێت و نرخ و بەهای ڕەخنەیی خۆی وەربگرێت، هـەروەک نووسـەریش لـەوبـارەیـەوە فریودەدەن، چونکـە واهەسـتدەکات بەرهەمەکەی بەپێی چێژی ڕەخنەیی و جوانیناسـی خوێنەرانی نووسـیوە، یاخود لەگەڵ چێژی سـەردەم ڕۆیشـتووە، لەمەشـدا کاریگەرییەکی نەرێنی دەبەخشـێتە سـەر ئاسـتی داهێنانی نووسـەری دەقەکە و وای لێدەکات بەپێی ئارەزووی ئەوانە بنووسێت کە پەسەندی دەکەن بەشێوەیەکی کوێرانە.

ئاستی ئیستاتیکی دەقی ئەلیکترۆنی کوردی:

ئەمەش پرسـیارێکی دیکەیە شـایەنی ئەوەیە لێکۆڵینەوە و بەدوادچوونی سـەربەخۆی لەبارەیەوە بکرێت لە ئەنجامی ئەو پرسـیارەدا بەو ئەنجامە گەیشتووین:

١- (٤٥٠)کەس ئاستی ئیستاتیکی دەقەکان بە نەرێنی دادەنێن.
٢- (٣٥)ڕایان وایە ئاستێکی مامناوەندییان هەیە.
٣- (١٥)کەسیش باوەڕیان وایە ئاستەکانیان بەرزە.

بەڵام بە وردبوونەوە لە زۆربەی ئەو دەقانەی بڵاوکراونەتەوە لەسـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئاستێکی ئیستاتیکی نزمدان و ئاگەنە ئاسـتی ئەدەبی و هونەری دەقێک، کە هەڵگری ناسـنامەی دەقێکی ئەدەبی هـاوچـەرخـە، واتـە ئاسـتی ئیسـتاتیکی دەقی ئەلیکترۆنی کوردی نزمـە و نەگەیشـتۆتە ئاسـتی پێگەیشـتووی دەقی هاوچەرخ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشـدا هـەندێ دەقی نووسـەرانی وەک(فەرهاد پیربال و قوبادی جەلیزادە و ژاوێن شـاڵی و زانا خـەلیل و شـنۆ زاخۆیی و کەژاڵ ئیبراهیم و سـەرکەوت ڕەسـووڵ...)دەشـێ لەوانە هەژماربکرێن کە خاوەن جیهانبینی و ئاسـتی ئیسـتاتیکی باڵان و توانیویانە بەهەما چەشـنی ئەدەبی نووسـراو قەناعەت بەخوێنەر بکەن و تینوێتی ئەدەب بشکێنن.

**تۆڕی کۆمەڵایەتی و کردەی وەرگێڕان:**

وەرگێڕان لە سـادەترین بار و ناسـاندنیدا بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین واتا لە زمانی دووەم بۆ دەقێک، کە دەگوازرێتەوە لە زمانی سـەرچاوەدا، ئەم کردەیە دەشـێ بەشـێوەی نووسـراو لەڕێگەی کتێب و نووسـراوی دیکەی

ماددیەوە نیشان بدرێت، بەهەمان شێوە لەڕێگەی سایت و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنی و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکیش ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەدەبی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئەو وەڵامانەمان دەسکەوتوون:

١- پشکی شێری بەشداربووان، کە ژمارەیان(٤٠١)کەسە لەوباوەڕەدان، کە فەیسبووک هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لە وەرگێڕانی بابەتە ئەدەبییەکان.

٢- گرووپی دووەم، کە ژمارەیان(٤٠)کەسە لەو باوەڕەدان، کە فەیسبووک بۆتە ناوەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانی ئەدەبی.

٣- سێیەم ئەوانەی بۆچوونێکی مامناوەندییان هەیە و دەڵێن فەیسبووک بە شێوەیەکی مامناوەندبۆتە سەکۆیەک بۆ کردەی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ژمارەیان(٤٩)کەسە.

بەشێوەیەکی گشتی وەرگێڕانی ئەدەبی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، یا ناوەندە ئەلیکترۆنییەکان زۆر لاوازە بەرامبەر ئەو شەپۆلە ئەدەبییە فراوانەی ئێستا، کە بایەخ بە وەرگێڕان دەدات لە زمانانی بیانییەوە بۆ کوردی بە شێوەی کتێب و نووسراوی دیکەوە، بەڵام سەرباری ئەوانە کەسانی وەک(شێرزاد هەینی و د.فرسەت ڕۆژبەیانی و ئەحمەدی مەلا) لەو وەرگێڕە کوردییانەن، کە چالاکییەکی باشیان هەیە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.

**نوسینی ئەلیکترۆنی کوردی و گرفتی سانسۆر:**

گەورەترین سوود، کە ئەدەبی ئەلیکترۆنی درووستی کردبێت لەسەر ڕەوتی هزری ئەدەبی جیهانیدا شکاندنی ئەو سانسۆرە کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسیانەیە، کە پێشتر ئەدەبی نووسراو بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی لەبەرئەوەی ئەدەبی ئەلیکترۆنی لە فەزایەکی ئینتەرنێتی کاردەکات و سنوورە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەکان دەبەزێنێت، ئەگەر نووسەرێکلە وڵاتی خۆیدا ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نەدرێت بەشێوەیەکی نووسراو ئەوا بێ هیچ گرفتێک دەتوانێت بیروڕا و بەرهەمەکانی خۆی لەڕێگەی ئەم نێوەندەوە بڵاوبکاتەوە و بیگەیەنێت بە خوێنەران، کەواتە یەکێک

لە خاڵە هەرە بەهێزەكانی ئەدەبێكی لەو جۆرە ئازادی دانە بە نووسەر بیروڕاكانی، ئەوەش بێگومان نووسەری كورد لەهەمووان زیاتر دەتوانێت سوودی لێوەرگرێت و ببێتە باشترین ئامرازی بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانی، بەڵام ئایا تا ئێستا نووسەری كورد سوودی لە هەلە وەرگرتووە بۆ بەزاندنی سنورەكان؟ئەمە پرسیارێكە لە دوو توێی بیروڕاكانی هەڵسەنگێنەری فۆرمەكان بە ڕوونی دەكەوێتە بەرچاوبە جۆرێك لەكۆی(٥٠٠)فۆرم (٤١٠)كەسیان پێیان وایە نووسەری كورد نەیتوانییوە لەرشێگەی بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانیان سانسۆرە كۆمەلایەتی و ئایینی و سیاسییەكان ببەزێنن و تا ئێستاش وەكو ئەدەبی نووسراو بەدەست ئەم گرفتەوە دەناڵێنن، هەروەك(٧٠)كەس لەوانە دەڵێن بەڵێ تۆڕەكۆمەلایەتییەكان بەشێوەیەكی فراوان توانیویانە ئەو سانسۆرانە بشكێنن و نووسەری كوردیش سوودی لێیان وەرگرتووە، (٢٠)دیكەش وەڵامی پرسیارەكەیان وا داوەتەوە، كە بە كەمی نووسەری كورد توانیویەتی ئەو سانسۆرانە بشكێنێت.

بە باوەڕ ئێمەش نووسەری كورد نەیتوانیوە بە شێوەیەكی بەرچاو و فراوان ئەو سانسۆرانە بشكێنێت و سوودێكی باش لەو ئامرازە نوێیە وەربگرێت، بەڵام هەندێك هەوڵی سەرەتایی تاكەكەسی وەك(قوبادی جەلیزادە) بەرچاودەكەون لەم بابەتەدا، كە بەشێوەی نووسراو ڕێگە گیرا لە بڵاوبوونەوەی كۆمەڵە شیعری(ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە)كە دەقێكی ئیرۆتیكی هەڵماڵراوە، توانی دوای ئەوە لەسەر ئەو تۆڕە كۆمەلایەتییە بڵاویبكاتەوە هەروەها بەشێكی زۆری كۆمەڵە شیعری(ڤان ئیرۆتیك)یش لەو نێوەندەدا بڵاوكراونەتەوە، هەروەها دكتۆر فەرهاد پیرباڵیش سوودی لەوە وەرگرتووە لەماوەی ساڵانلا٢٠١٤-٢٠١٥دا هەندێ دەقی بڵاوكردۆتەوە، ە چاپكردنیا ئەستەم بوو، سەرباری بڵاوكردنەوەی ڕۆمانێك تێیدا.

**كاریگەرترین نووسەر كورد لە ئەدەبی ئەلیكترۆنیدا:**

سەبارەت بە دیاریكردنی ناسراوتری و كاریگەرترین نووسەری كورد لەسەر تۆڕی كۆمەلایەتی فەیسبووك ئەوانەی فۆرمەكەیان پڕكردۆتەوە بەشێوەیەكی بەرچاو كە پێكهاتووە لە(٤٠٠)فۆرم كاریگەرن بە (بەختیار

عەلی)کە تاوەکو ئێستا هیچ دەقێکی شیعر و ڕۆمانی لەسەر ئەو تۆڕە بڵاونەکردۆتەوە، تەنانەت خۆیشی لاپەڕەکەی خۆی بەڕێوەنابات، هۆکاری ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ چاولێکەری و لاساییکردنەوەی نێوان خوێنەران لەلایەک، لەولایتریش بۆ ئەو ڕستە کورتانە دەگەڕێتەوە، کە لە کرۆکی شیعر و ڕۆمانەکانی هەڵهێنجراون و ڕۆژانە لەسەر لاپەڕی کەسیی بڵاودەکرێتەوە، کە زۆربەیان وروژێنەر و خاڵی بەهێزی دەقەکانی نووسەر پێکدێنن.

هەروەها لە شاعیرانی کلاسیکدا(پیرەمێرد)یەکێکە لەوانەی بەلای هەندێکەوە کاریگەرییەکی باشی هەیە لەڕووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە تایبەتیش پەندەکانی بەلای خوێنەری سادەوە شوێنێکی بەرزی ئەدەبییان هەیە، بۆیە لەکۆی(٥٠٠)دەنگ پیرەمێرد توانیویەتی(٧٧)دەنگ ببات، پاش ئەویش(د.فەرهاد پیربال)دێت، کە(٢٣)دەنگی هێناوە.

**برەوترین بابەتی نووسین:**

ئەم پرسیارە زیاتر تایبەتە بە چێژی خوێنەری ئەلیکترۆنی بابەتە ئەدەبییەکانەوە، واتە زیاتر لایەنێکی خودی و کەسییە زیاتر لەوەی بابەتی و کۆمەڵی بێت، بۆیە هەریەکێک بەپێی چێژی تاکەکەسیی خۆی دەشێ ئەو بابەتە هەڵبژێرێ، کە لەگەڵ هەست و نەستیدا گونجاوە، لەبەرئەوە ئێمە ئەو لایەنەمان لە دوو پرسیار خستۆتەڕوو، کە یەکەمیان پەیوەستە بە باری دەرەوە(الشکل)ی بابەتە ئەدەبییەکانە و دووەمیش پەیوەستە بە مەبەستی بابەتە ئەدەبییەکان و ئەنجامەکەش بەو شێوەی خوارەوە دەرکەوتووە:

١-%٦٥ی خوێنەری ئەلیکترۆنی کوردی شیعر دەخوێننەوە.

٢-%١٠یش چیرۆک.

٣-%٢٥یش بابەتەکانی تایبەت بە فۆلکلۆر.

هەروەها لەڕووی ناوەرۆکیشەوە خوێنەران بەم چەشنەن:

١-١٤٠کەس چێژ لە بابەتی عەشق و خۆشەویستی و دڵداری وەردەگرن.

٢-١٩٠کەسیش لەوانە نووسینی ئەدەبی لەبارەی ئایینەوە دەخوێننەوە.

٣-٣٥کەسیش بابەتی فۆلکلۆری.

٤-٦٥کەسیش ئەدەبی سیاسییان بەلاوە پەسەندە.
٥-٧٠کەسیش بابەتی کۆمەڵایەتی ئەدەبی.
ئەدەبی ئەلیکترۆنی و خوێنەری کورد:

خوێنەر کۆڵەگەی سەرەکی ئەدەبە بەتایبەتیش لە ئەدەبی ئەلیکترۆنیدا وەکو پێشتر ئاماژەی پێکراوە بەرهەمهێنەرەوە و داهێنەرەوەی دەقە، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی نووسەر بەشداری دەکات لە بونیاتی دەقی ئەلیکترۆنیدا لەو فۆرمەی پێشکەش کراوە کۆمەلێک زانیاری لەبارەی خوێنەرەوە لە پرسیارەکانی(٢،٣،٧،١١،١٥)خراوەتەڕوو، بەڵام ئەنجامی گشتیان هەمدیسان ڕوویکی نەرێی هەیە، واتە خوێنەری کورد لە حاڵەتێکی ئەکتیڤ نییە لە ئاست ڕووبەڕووبوونەوەی دەقە ئە دەبییەکان، پاشان لە(٩٩%)ی خوێنەران لەو باوەڕەدان، کە خوێنەری کورد چێژ لە ئەدەبی نووسراو وەردەگرێت زیاتر لەوەی لە ئەدەبی ئەلیکترۆنی پێیدەگات، جگە لەمەشلایک و کۆمێنتی نووسەران بۆ پەیج و لاپەڕە ئەدەبییەکان لە ئاستێکی ئەوەندە نزمە کە شایەنی باسکردن نەبێت.ئەمەش سەلمێنەری نەبوون، یاخود کەمی خوێنەری ئەلیکترۆنییە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی، جگە لەمەش ئەوەی هەیە بە گشتی باوەڕی وایە، کە ئەو نووسینە ئەدەبییانە زۆر بەکەمی کاریگەری جێدێڵن لەسەر دەروونی خوێنەرانەوە، بەمەش ئاراستەی چێژوەرگرتنی خوێنەری کورد دووبارە بەرەو ئەدەبی نووسراو ڕادەکێشرێت، واتە ئەدەبی هاوچەرخ بە هەمان شێوەی کلاسیک و نویێ نەیتوانیوە خوێنەریکی ئەلیکترۆنی لەو نێوەندەدا بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هەروەها دیسان سوودوەرگرتنی خوێنەری کورد نەبۆتە سەکۆیەک بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ئاستی وەرگرتن و بەخشین و کاریگەری نووسەری کورد لەگەڵ ئەدەبی بێگانەدا، ئەمەش لەبەرئەوەی خوێنەری کورد هێشتا نەیتوانیوە ئەدەبە هاوچەرخەکەی خۆی بناسێ چ جای ئەدەبێکی بێگانە!

**ئەدەبی ئەلیکترۆنی کوردی و بەجیهانی بوونی دەقەکان:**

بەجیهانی بوونی دەقەکان واتای بەزاندنی سنووری ئەدەبی نەتەوەییە و چوونە دەرەوەی دەقە لە چوارچێوەی وڵاتێک و بڵاوبوونەوەیە بەرەو

ســـنوری ئەدەبی وڵاتانی دراوســـێ وبێگانەدا، کە لەو ڕێگەیەوە ناوبانگێکی جیهانی بۆخۆی تۆماردەکات، بۆچوونی زۆرینەی هەڵســـەنگینەرانی فۆرمەکە لەوبارەیەوە هەمدیســـان ڕوویێکی نەرێنییە، چونکە(٤٤٥)کەس پێیانوایە کە ئەو دەقـانـەنـەیـانتوانیوە ســـنووری وڵاتی خۆیـان ببـەزێنن،هـەنـدێکیش، کـە ژمارەیان(٤٠)کەسـە لەوباوەڕەدان بە فراوانی نووسـەری کورد ئەو ئامانجەی هێناوەتە دی،پاشــماوەکەیتریش، کە بریتییەلە(١٥)کەســـە وای بۆدەچن، کە بە دەگمـەن ئـەو کردەیە ڕوویداوە، هـەروەها لەبارەی پرســـیاری ڕۆڵی کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانی سەر ئەو تۆڕە وەڵامەکان بەوشێوەیەی خوارەوە بوون:

١-٤٧٣کەس بە خراپ وەڵامیانداوەتەوە.

٢-٣کەس بە یەکجار کاریگەر.

٣-٤کەس بە باش.

٤-٢٠کەسیش بە هەرگیز وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە.

**ئەنجام**

لە زەمینەی ئەو باســەدا بەو ئەنجامانە گەیشــتووین، کە لە خوارەوەدا بەچەند خاڵێک خراونەتەڕوو:

١- چێژی ئـەدەبی ئـەلیکترۆنی کوردی بـەلای خوێنـەری هـاوچـەرخی کوردی بەشــێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە چێژی ئەدەبی نووســراوی کاغەزی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاوەکو ئێســتا چێژی خوێنەری کورد چێژێکی کلاســـیکییە و زانیاریو زمانی بەکارهێنانی دەقەکانی نووسەر و شاعیرانی کوردیش نەگەیشتۆتە ئاستی توانستی ئەدەبێکی ژمێرەیی.

٢- لەڕووی شـــکاندنی ســـانســـۆرەکانەوە، ئەدەبی ئەلیکترۆنی کوردی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ بازبدات لەوسنوورانەوە.

٣- نووســـینی ڕەخنەیی ئەلیکترۆنی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبووکدا ئاســـتێکی نزمی هەیە و ڕەخنەگران نەیانتوانیوە ســـوود لەو نێوەندە ئاسانە وەرگرن بۆ گەیاندنی پەیامە ڕەخنەییەکانیان.

٤- ئەدەبی ئەلیکترۆنی کوردی لەسەر تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر زمانی نووسینی دەقی ئەدەبی کوردی لەڕووی سینتاکس و وشەسازییەوە جێهێشتووە.

٥- ئاستی ئیستاتیکی دەقی ئەلیکترۆنی کوردی لەسەر تۆری فەیسبووک دیوێکی نێگەتیڤ و نزمی هەیە، وەرگێڕانی ئەدەبیش بەهەمان شێوە لە ئاستێکی خراپ دایە.

٧- بەهچ کلۆجێک ئەو ئەدەبە نەبۆتە نێوەندێک بۆ ناساندنی نووسەر و شاعیرانی کورد بە ئەدەبیاتی دەرەوە، هەروەها نەشبۆتە نێوەندێک بۆ دەرکەوتنی ناسنامەی نەتەوەیی نووسەری کورد بەلای خوێنەرانەوە.

**پاشکۆ**

لێرەدا نموونەیەک لە دەقی ئەلیکترۆنی(د.مشتاق عباس معن) خراوەتەڕوو بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر و بەراوردکردنی لەگەڵ دەقی ئەلیکترۆنی کوردی، کە بێگومان جیاوازیان ئەرز و ئاسمانە:




لەم دەقەدا، خوێنەر دەتوانی لەهەر یەکێک لەو لاکیشانەی سەرەوە بچێتە ژوورەوە و هەریەکێکیشیان بکاتەوە ڕووبەڕووی جۆرێک لە دەقی نووسراو و تابلۆ و دەنگ و مۆسیقا و جوڵە و گرافیک دەبێتەوە، کە تا نەیانکاتەوە دەرناکەون.

جگە لەمەش پێویستە ئەو فۆرمەش بخەینەڕوو، کە تەواوی ڕاپرسییەکەی لەسەر ئەنجام دراوە، کە بەداخەوە هەندێ لە پرسیارەکان لای خوێنەران ڕوون نەبوون و وەڵامیان نەدراوەتەوە.

# فۆرمی هەڵسەنگاندنی کاریگەری فەیسبووک لەسەر رەوتی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی

ئایا سوود لە تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک وەردەگری؟ زۆر کەم مامناوەند هەرگیز

ئایا بە بروای تۆ تۆرە کۆمەلایەتییەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر رەوتی ئەدەبی کوردی هەبووە؟
زۆر کەم مامناوەند هەرگیز

تا چەند پەیج و ماڵپەرە ئەدەبییەکان لای خۆت لایک دەکەیت و کۆمێنتیان بۆ دەنووسی؟ زۆر
مامناوەند کەم هەرگیز

ئایا خۆت هیچ نووسینێکی ئەدەبی لە سەر تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک بلاودەکەیتەوە؟
زۆر کەم مامناوەند هەرگیز

بە چ نووسەرێکی کورد زۆر کاریگەریت لەسەرتۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک؟

ئایا ئاستی نووسین و دارشتنی ئەدەبی کوردی لەرووی زمانەوە لەسەر ئەم تۆرە کۆمەلایەتییە چۆن دەبینیت؟
باش خراپ مامناوەند پەسەند

زیاتر سەیری چ جۆرە نووسینێکی ئەدەبی دەکەیت؟ شیعر بابەتەکانی تایبەت بە فۆلکلۆر
رۆمان چیرۆک شانۆنامە

ئایا بە بروای تۆ تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک هیچ کاریگەرییەک بەسەر دەروونی خوینەران جیدیلیت؟
بەلی زۆر نەخیر کەم

ئایا نووسینی ئەدەبی کوردی لەسەر ئەو تۆرە کۆمەلایەتییە توانیویەتی سانسۆرە کۆمەلایەتی و سیاسیی و دەسەلاتدارییەکان بشکێنیت؟
بەلی نەخیر کەم بە فراوانی

بە بروای تۆ خوینەری کورد زیاتر سوود لە نووسینی ئەدەبی نووسراو وەردەکریت یا نووسینی ئەلیکترۆنی؟

نوسراو ئەلیکترۆنی

هیچ جۆره جیاوازییەک بەدی دەکەیت لەنیوان ئەو چیژەی کەله نووسینیکی ئەدەبی نووسراو پیتدەگات لەگەل ئەو چیژەی که له تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک وەریدەگری؟

چیژی ئەدەبی ئەلیکترۆنی زیاتره له ئەدەبی نووسراو وەک یەکن چیژی نووسراو زیاتره له چیژی ئەدەبی ئەلیکترۆنی

به چ نووسەریکی بیانی کاریگەریت لەسەر تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک؟

به بروای تۆ دوارۆژی ئەو جۆره نووسینه ئەدەبییه ئەلیکترۆنییەی سەر تۆری کۆمەلایەتی بەرەو چ ئاراستەیەک دەروات؟

باش خراپ مامناوەند

ئاستی ئیستاتیکی(جوانیناسی)ئەو دەقانەی بلاو دەکرینەوه لەسەر تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک بەلاتەوه چۆنن؟

باش مامناوەند خراپ

له چ بابەتیک زیاتر چیژ وەردەگری؟

خۆشەویستی و عەشق کۆمەلایەتی ئایینی فۆلکلۆری سیاسی

به بروای تۆ نووسەرانی کورد تا چ رادده‌یەک توانیویانه سوود لەوتۆره کۆمەلایەتییه وەرگرن؟

باش خراپ مامناوەند

ئایا فەیسبووک چ رۆلیکی هەبووه له دیدار و کۆر و کۆمەله ئەدەبییەکانی نیوان نووسەرانی کورد خۆیان لەلایەک و لەولایتر لەگەل نووسرانی بیانی؟

باش خراپ یەکجار کاریگەر هەرگیز

تا چەند رۆلی گیراوه له کردەی وەرگیرانی ئەدەبی(الترجمه الادبیه)دا؟ باش خراپ مامناوەند هیچ

ئایا سوودوەرگرتنی خوینەری کورد له بابەته ئەدەبییەکانی نیو ئەو تۆره بۆته سەکۆیەک بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی نووسەری کورد و راددەی کاریگەری نووسەری کورد به ئەدەبی بیگانه؟ بەلی نەخیر

ئایا فەیسبووک بۆته ناوەندیک بۆ ناساندی زیاتری ئەدەبی کوردی به گەلانی جیهان؟ به دەگمەن به فراوانی هەرگیز

به بڕوای تۆ فەیسبووک چ کاریگەرییەکی لەسەر زمانی دارشتنی دەقە ئەدەبییەکان جیهیشتووە؟

☐تیکدانی زمانی نووسین لەرووی سینتاکسەوە ☐زۆربوونی وشەی بیانی

☐کاریگەرییەکی باش و دەولەمەند بۆ دارشتنەوەی دەقەکان ☐هیچ کاریگەرییەک

ئایا فەیسبووک بۆتە ناوەندیک تا نووسەر پەیامی ئەدەبی خۆی بە خوینەر بگەیەنیت؟ ☐بەلی

☐نەخیر

ئایا دیاردەی ئالوودەبوون(الادمان التكنولوجی)دەبینیت لەنیوان نووسەر و خوینەرانی بابەتە ئەدەبییە ئەلیکترۆنییەکان؟

☐بە کەمی ☐بە دەگمەن ☐هەرگیز ☐بە فراوانی

ئایا فەیسبووک رۆلی هەبووە لە زیادکردی ژمارەی خوینەرانی بابەتە ئەدەبییەکان؟ ☐بەلی

☐نەخیر

ئایا نووسینی رەخنەیی سەبارەت بە بابەتە ئەدەبییەکان لەنیو تۆری کۆمەلایەتی فەیسبووک لە چ ئاستیکدایە؟ ☐باش ☐مامناوەند ☐خراپ

## چەند زانیارییەکی گشتی جیهانی لەبارەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە




أكثر المواضيع شعبية
بين مستخدمي الشبكات الإجتماعية في الشرق الأوسط
67% الموسيقى و الأفلام
46% قضايا المجتمع
43% رياضة
34% سياسة
14% دين


التوزيع العمري
لمستخدمي الشبكات الإجتماعية في الشرق الأوسط
16-17 9%
18-24 36%
25-34 32%
35-44 11%
44 + 12%


العدد التقديري
لمستخدمي الشبكات الإجتماعية في الشرق الأوسط
facebook
58 مليون
twitter
6.5 مليون
LinkedIn
5.8 مليون

**الملخص**

هذا البحث موسـوم ب(التاثير الشـبكة التواصـلية الفيسـبوک على الادب الكردى المعاصـر)فهى دراسـة الاحصـائية حول علاقة بين الادب و التكنلولوجيا التواصـلية الحديثة، يتكون من المقدمة و الفصلين الرئيسيتين وفى الخاتمة يوجد النتائج البحث.

فى الفصـل الاول شـرحنا المفهوم و التعريف و المصـطلح الادب التفاعلى، اما فى الفصل الثانى حاولنا لنكشف العلاقة بين الادب الكردى المعاصر و الشبكة الاجتماعية الفيسـبوک من النواحى(علم الجمال-الملتقى-الذوق الادبى- العملية الترجمة-النقد الكترونى)مع ذلک اعتمدنا على المناهج الوصفية و التحليلية اضافة الى الراى الجمهور للتحليل الظاهرات الادب الالكترونى الكردى.

# ABSTRACT

This research is marked (influence communicative network Facebook on the contemporary literature Kurdish) is a statistical study on the relationship between literature and modern communicative technology , it consists of the introduction and chapters In Conclusion There are two main search results. In the first chapter we explained the concept and definition and the term literature interactive, either in the second chapter we have tried to reveal the relationship between contemporary literature Kurdish and Facebook social network of aspects (aesthetics-forum-literary taste- translation-electronic criticism), however, we relied on the descriptive curriculum In addition to the historical and public opinion analysis of phenomena electronic Kurdish literature.

**لیستی سەرچاوەكان**

1- Brockman, charlis,(2006) Interactive literature, oxford university press,London..

٢- ، عمر زرفاوى(د)،٢٠١١، الادب التفاعلى و اتجاهات ما بعد النيوية ، مجلة الثقافات، عدد٢٤ .

٣- فليح اياد ابراهيم(د) و د.حافظ محمد عباس الشمرى(٢٠١١) الادب التفاعلى الرقمى، ولادة وتغير الوسيط، ،ط١، بغداد.

٤- يخلف فايزة(د)،٢٠١٣، الادب الكترونى و سجالات النقد المعاصر ، مجلة مخبر،عدد٩، جامعة بسكرة-جزائر.

٥- الخطيب حسام(د)،٢٠٠٦ الادب و التكنلولوجيا و جسر النص المتفرع، ، ط١، مكتبة العربى لترجمة و النشر، دمشق.

٦- شبلول ،احمد فصل(٢٠٠١)، ادباء الانترنيت...ادباء المستقبل، ،ط٣، دار الوفاء،الاسكندرية.

٧- على نبيل(٢٠٠١)، الثقافة العربية و العصر المعلومات، ، عالم المعرفة، كويت.

٨- المنجى ياسر(د)، ٢٠١٠، جدلية الصورة الكترونية فى السياق التفاعلى للتباريح الرقمية ، ط١، دار الفراهيدى.

٩- العيدى سارة، الشعرية الرقمية تدعو الى الملتقى متعدد الحواس، www.alhayat.com

١٠-اتحاد ادباء فى كربلاء (٢٠٠٩)، القصيدة التفاعلية الرقمية و اشكالية التجديد فى الشعر العربى،سلسلة تباريح، ، مطبعة الزوراء، ط١.

١١-البحرانى فاطمة ،٢٠٠٩، القصيدة التفاعلية و فروقاتها عن الرقمية، فاطمة البحرانى، مجلة اطام، عدد٣٤.

١٢-البريكى فاطمة (٢٠٠٨)،الكتابة والتكنولوجيا ، ط١، مركز الثقافى العربى، مغرب.

١٣-النشر الكترونى و ابداع الرقمى، السيد نجم، ط١، طبعة الهيئة العامة لقصور الثقافة-قاهرة، ٢٠١٠.

١٤-رِةشيد فؤاد(د)،٢٠٠٧، دەقى ئەدەبى، ئەدگار، چێژ، بەها، چ١، ئاراس، هەولێر.

١٥-بوطز فليب، ٢٠١١، ما الادب الرقمى ، ت:محمد اسليم، مجلة علامات، عدد٣٥.

١٦-البريكى فاطمة،(٢٠٠٦)، مدخل الى الادب التفاعلى، ، مركز الثقافى العربى، ط١، مغرب.

١٧-الخماسى نوال مفهوم الادب الرقمى،www.aswat-elchamal.com:

١٨-يقطين سعيد،٢٠٠١، من النص الى النص الترابط، مدخل الى الجماليات الادب التفاعلى، ط٢، مركز الثقافى العربى.